ڕاپۆرتێک دەرباری

(زانستی ئابوری)

ئامادە کردنی:

ناوڕۆک:

ئابووری زانستە یان هونەر:

زانست بریتییە لە کەڵەکەبوون و پۆلێن و ڕێکخستنی زانیارییەکان بۆ دۆزینەوەی بنەما سەرەکییەکان و کاری یاساکان، هونەر ئاماژە کردنە بۆ توانا و کارامەیی جێبەجێکردنی ئەرکەکان یان پیادەکردنی شێوازێک، بۆیە ئابووری و پیادەکردنی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە لە واقعیدا هەن. بە واتایەکی تر ئابووری زانست و هونەرە، و لەبەر ئەوەی لەگەڵ چالاکییەکانی کۆمەڵگە دەکات، بۆیە زانستێکی کۆمەڵایەتییەوە و پەیوەندی بە زانستەکانی کۆمەڵایەتی و ڕەفتارییەوە هەیە وەک زانستەکانی مێژوو، ڕامیاری و زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی.



پێناسەی زانستی ئابووری:

زانستی ئابووری یەکێکە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخ بەو ڕێگایانە دەدات کە کۆمەڵگا دەست نیشانی دەکات بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە سنووردارەکانی، کە بەکارهێنانەکی شوێنگرەوەی هەبێت بۆ بەرهەمهێنانی شمەک و خزمەتگوزارییە بەکاربراوەکانی ئێستا و ئاینده. یان دەتوانین بڵێین ئەو زانستەیە لە دابەشکردنی دەرامەتە دەگمەنەکان لە نێوان بەکارهێنان و ئامانجە جۆربەجۆرەکاندا دەکۆڵێتەوە. لێکۆڵینەوە دەکات لەبارەی ڕەفتاری مرۆڤ لەمیانەی ئەنجامدانی چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی بە ئامانجی هێنانەدی خۆشگوزەرانی. زانستێکە لە شێوازی زیادکردنی بەرهەمهێنان دەکۆڵێتەوە بە ئامانجی چاک کردنی ئاستی بژێوی. ئەم

پێناسانەی سەرەوە هەر یەکێکیان ئاماژە بۆ بارێکی دیاریکراو دەکەن، بەڵام هەر هەموویان پێکەوە ئەوە نیشان دەدەن کەوا زانستی ئابووری زانستێکە گرنگی دەدات بە دەرامەت و دەگمەنییەکەی. ئەم دەرامەتە دەگمەنانەش هەموو پێداویستییەکانی مرۆڤ پڕ ناکەنەوە. بۆیە پێویستە کۆمەڵگە دەست بەو دەرامەتانەوە بگرێت و ئابووریناسان گرنگی بەو شوێنگرەوانە (Alternatives)دەدەن لە جیاتی ئەم دەرامەتانە بەکار دەهێنرێت و دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەی کە کۆمەڵگە لە کۆتاییدا هەڵیاندەبژێرێ بۆ بەکارهینانی ئەو دەرامەتە ڕەخساوانەی هەیە.



سەرهەڵدانی زانستی ئابووری:

وشەی ئابووری(ئێکۆنۆمیک) لە زمانی ئینگلیزیدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو وشەی لێکدراوی یۆنانی (ئێکۆنۆمیک) کە مانای بەڕیوەبردن یان هەڵسووڕاندن دێت(نۆماس) کە مانای ماڵ دەگەینێت، لە بەر ئەوەی مانای سەرەکی ئابووری بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی سامان بووە لە لایەن تاک یان کۆمەڵ یان حکومەتەوە. ئەمەش بە مانای ئەوەی مرۆڤ ئابووریانە هەڵسوکەوت دەکات ئەگەر هاتوو بە باشی سەرچاوەکانی سامانی بەکار هێنا یاخود لێهاتووانە بە کاری هێنا کە ئەمەیان بە مانای بەدەستهێنانی گەورەترین سوودی مادده بە کەمترین تێچوون و ڕەنج دێت.

بیروڕا ئابووریەکان لە سەردەمە کۆنەکاندا{ شارستانیەتی یۆنانی و ڕۆمانی کە دوو شارستانی کۆنن} بوونی خۆیان هەبووە، ئەرەستۆ بە یەکەم کەس دادەنرێت کە سەرەتاکانی بیردۆزی ئابووری داڕشتووە لە سەر بنەمای شیکردنەوە دیاردەکان و گرفتە ئابووریەکان و یەکەم کەسیشە کە هەوڵی داوە ئابووری بکات بە زانست.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بیروڕا ئابووریەکان هەبووە چ لە ئەورووپای مەسیحی یان لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا، بەڵام بوونی ئەم بیروڕا ئابووریانە مانای ئەوە نییە کە زانستی ئابووری بە مانا زانستیە تەواوەکەی بوونی هەبووبێ. زانستی ئابووری تاڕادەیەک لە مێژووی نوێدا دروست بوو لە پاش پەرەسەندنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەدا، بەم جۆرە چەند ڕەوتێکی نوێی بیروڕای ئابووری پەیدا بوون لەوانەش (قوتابخانە بازرگانیەکان) کە لە سەرەتای سەدەی پانزدە هەبووە تاوەکوو ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم، لە پاشاندا قوتابخانەی فیزۆکراتەکان(سرووشتییەکان).

زانستی ئابووری چ پەیوندی هەیە بە زانستەکانی تر:

زانستی ئابووری بە یەکێک لەو زانستانە دادەنرێت کە پەیوەندی و تێکەڵاوبوونی زۆری لەگەڵ زانستەکانی دیکەدا هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کاریگەری زۆری هەبێت لەسەر زۆربەی لایەن و ئاراستەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، دەکرێت کورتەی هەندێک لەو پەیوەندییانە ڕوون بکرێتەوە بەم جۆرەی لای خوارەوە:



1- پەیوەندی نێوان زانستی ئابووری و زانستی ڕامیاری:

زانستی ئابووری پەیوەندی توندوتۆڵی بە زانستی ڕامیارییەوە هەیە، چونکە زانستی ڕامیاری گرنگی دەدات بە چاودێری کاروباری کۆمەڵگە، زانستی ئابووریش گرنگی دەدات بە کاروباری کۆمەڵگە لە گۆشەی پێداویستیەکانی و چۆنیەتی و پڕکردنەوەیان، هەروەها کاربەدەستە سیاسیەکان دەبێت بەرچاوڕوونی تەواویان هەبیت دەربارەی بارودۆخی ئابووری لە کاتی بڕیارداندا.

٢- پەیوەندی نێوان زانستی ئابووری و مێژوو:

زانستی مێژوو تۆماری پیشکەوتنی مرۆڤە لە سەرجەم ئەو قۆناغانەی کە پیایدا تێپەڕیوە، لەگەڵ ئەو ڕووداو و بارودۆخانەی کە ڕووبەڕووی مرۆڤ بۆتەوە دەربڕینی چۆنیەتی کارکردن لە گەڵیاندا، زانستی ئابووری ناتوانێت مێژووی ئابووری و ئەزموونی گەلان لە بواری ئابووریدا فەرامۆش بکات، زانستی ئابووری هەوڵ دەدات خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەزموونی گەلان بزانێت بە هۆی مێژووەوە، هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی دەرامەتە ئابووریەکانی سەردەمی کۆنیش بزانێت، تۆمارەکانی مێژووی ئابووری ئەم بارودۆخانە دەگوازێتەوە بۆ نەوەکانی ئایندە.

٣- پەیوەندی نێوان زانستی ئابووری و ئامار:

پەیوەدنی نێوان ئابووری و ئامار پەیوەندییەکی توند و بەهێزە چونکە شیکردنەوەی ئابووری بە تایبەتی پێوانەکاری بە ڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێ بە زانیارییە ئامارییەکان، هەروەها شێوازی ئامار ئاسانکاری دەداتە توێژەری ئابووری لە بواری کاری خشتە و وێنەکردنی چەماوەکان کە دەربڕی دیاردە ئابووریەکانن.

٤- پەیوەندی نێوان زانستی ئابووری و دەروونناسی:

زانستی ئابووری پەیوەندی هەیە بە دەروونناسیەوە، چونکە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگە بە ڕێگایەکی دیاری کراو کاریگەری هەیە لەسەر پەرەسەندنە ئابووریەکان لەو کۆمەڵگایەدا. توێژەری ئابووری گرنگی دەدات بە زانینی ڕەفتاری تاکەکەس لە کاتی خەرجکردنی داهاتەکەیدا بۆ کڕینی شمەک و خزمەتگوزاری، گومانی تێدا نییە لە پشت ئەو ڕەفتارانەوە هۆکار و پاڵنەری دەروونی هەیە

٥- پەیوەندی نێوان زانستی ئابووری و لۆژیک(المنطق) :

بیردۆزە زانستییەکان بەگشتی و بیردۆزە ئابوورییەکان بە تایبەتی ڕاست نین ئەگەر بێت و لۆژیکی (منطقی) نەبن، و کەس ناتوانێت تێبیگات ئەگر بێتو توێژەر نەزانێت چۆن پێشەکی و سەلمێنراوەکان بەکار بهێنێت و بیروڕای نوێیان لەسەر دروست بکات بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی نوێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر گریمانەکان لۆژیکی نەبن دەبێتە هۆی بەدیهێنانی دەرئەنجامی هەڵە و ئاکامی ناڕاست.

٦- پەیوەدنی نێوان زانستی ئابووری و بیرکاری:

ئابورناس زۆرجار پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی شێوازە بیرکارییەکان لە شیکردنەوە و سەلماندنەکاندا، بە بێ شێوازی بیرکاری ئابوورینناس ناتوانێت بگاتە ئاکامی ڕاست و تەواو



چەمکە بنەڕەتییەکانی زانستی ئابووری:

1- بیردۆزی ئابووری :
بەشێوەیەکی گشتی بیردۆز(تێۆری) مانای پوختەکردن و ئاسانکردنی ڕاستیە بە جۆرێک یارمەتیدەدرێت بۆ تێگەیشتنی ئەو ڕاستییە بە شیوەیەکی باش و پێشبینی کردنی ئەوەی کە ڕوودەدات لە دوواڕۆژدا، پوختەکردن باشترین ئامرازە بۆ تێگەیشتن و دۆزینەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان گۆڕانەکاندا، زانستی ئابووری لە کۆمەڵێک بیردۆز دروست بووە کە سەرکەوتوو بوون لە لێکدانەوەی دیاردە ئابووریەکان یان بە کارهێنراون وەک ئامرازێک بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو پەیوەندییانەی کە لە نێوان دیاردە ئابوورییە جیاوازەکاندا هەیە، کەواتە دەشێت بگوترێت کە بیردۆزی ئابووری بریتییە لە کۆمەڵێک گریمانە و چەند پیناسیەک دەربارەی دیاردەیەکی ئابووری دیاریکراو بۆ لێکدانەوەی ئەو دیاردەیە و گەیشتن بە دەرئەنجامی نوێ لە بارەی ئەو دیاردەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش ئەم نموونەیە دەخەینە ڕوو: **ئەگەر** هاتوو توێژەرێکی ئابووری ویستی پەیوەندی نێوان بڕی خواست و نرخ یان داهات یان بڕی خستنەڕوو لەگەڵ نرخ ڕوون بکاتەوە، ئەوە دەبێت لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە تەنها نرخ

کاریگەری لەسەر بڕی خواست یان خستنەڕوو نییە، یان تەنها داهات تاکە هۆکار نییە کە کاریگەری هەبێت لەسەر بەکاربردن، بەڵکوو کۆمەڵێک هۆکاری تر هەن کە کاریگەریان هەیە لەسەر خواست و خستنەڕوو، لەبەر ئەوە توێژەر پەنا دەباتە بەر گریمانەکان(بیردۆز و لێکدانەوەکان) بۆ ئامادەکردنی دۆزێکی لەبار بۆ جەخت کردنە سەر ژمارەیەک لە پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕاوە ئابوورییەکان نەک هەموویان.

2- شیکردنەوەی ئابوری :

مەبەست لە شیکردنەوەی ئابووری بەش بەش کردنی ئەو دیاردە ئابوورییە کە توێژەر لێی دەکۆڵێتەوە بۆ ئەو توخمانە کە ئەو دیاردەیان پێک هێناوە و سنوورەکانی دیاری دەکات لەگەڵ لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی ناو ئەو دیاردەیە، ئەم جۆرە شیکردنەوەیە بەهۆی بەکاربردنی شێواز و ڕێگا بیرکارییەکان ئەنجام دەدرێت کە پەیوەندیە ئاڵۆز و تێک ئاڵاوەکان دیاری دەکات. دیاریکردنی بیرکاریانە نابێت دوور بێت لەو ڕووداو و دیاردانەی کە لە جیهانی بابەتکەی داهەن.



سەرچاوەکان:

1- کتێبی زانستی ئابوری ،د.نەهرۆ عەلی،2009

-2

https://zaniary.com/blog/605b401053832/%D8%B2%D8%A7%D9%86%D8%B3

%D8%AA%DB%8C-
%D8%A6%D8%A7%D8%A8%D9%88%D9%88%D8%B1%DB%8C
3- https://kurdzanist.net/?p=947
4- بەشی هەشتەمی ئابووری؛ چەمکە بنەڕەتییەکانی زانستی ئابووری: – Kurdizanist
https://kurdizanist.com/%D8%A8%DB%95%D8%B4%DB%8C-
%D9%87%DB%95%D8%B4%D8%AA%DB%95%D9%85%DB%8C-
%D8%A6%D8%A7%D8%A8%D9%88%D9%88%D8%B1%DB%8C%D8%9B-
%DA%86%DB%95%D9%85%DA%A9%DB%95-
%D8%A8%D9%86%DB%95%DA%95%DB%95%D8%AA%DB%8C%DB%8C/